**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شێوازەکانی فراوانبوونی شارنشینی شاری چۆمان

## لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار

**پ.ی .د. کامەران ولی محمود**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

kamaran.mahmood@su.edu.krd

**بژار عبدالستار عبدالقادر**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

bjargeo@gmail.com

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢

پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٠/١١

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Chomancity, landuse, Urban Expansion, pattern*.

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.7

### پوختە

فراوانبوونی شار بەیەکێك لە گرفتەکانی شار هەژمار دەکرێت، چونکە کاریگەری لەسەر گۆڕانی شێوازی شار هەیە. گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی مەترسیەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان، کە کاریگەری لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان و ئابوری هەرێم هەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی شێوازەکانی فراوانبوونی شاری چۆمانە. لە هەمان کاتدا دیاری کردنی قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان لەماوەی توێژینەوەکەدا، بەمەبەستی دەست نیشانکردنی شێوازەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان ، پلانی توێژینەوە بریتیە لە 1.پێشەکی و 2.شوێنی جوگرافی و 3.قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان و 4.شێوازەکانی فراوان بوون و 5.گرنگترین فاکتەرەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە، وەك کۆچی دانیشتووانی گوندەکان بۆ سەنتەری شاری چۆمان، هۆکاری سەرەکیە بۆ فراوانبوونی شارەکە. شێوازەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر گۆڕاوە بەڵام شێوازی درێژکۆڵەیی زیاتر بە سەری زاڵە، ئەویش بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی.

## پێشەکی:

شـــار دیاردەیەکی جوگرافیی و کۆمەڵناســـیە، ئالۆزترین شـــێوەیە لە شـــێوەکانی ئاواکاری مرۆڤ, تۆمارێکی مێژوویە بۆ گەشـەی چالاکیانەی کە مرۆڤ تیادا دەینوێنێت، جوگرافیای شـار بابەتێکی تازە دروست بووەکانە و بایەخی زۆری پێدەدرێت لە لایەن توێژەران و پسپۆرانی جوگرافی.

زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ دوو جۆر شـــێوەی گەشـــە و فراوان بوونی شـــار دەکەن، ئەوانیش یەکەمیان بریتیە لەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن لە بەکارهێنانی زەوی لەناو شـــاردا، دووەمیان ئەو جوڵەیەی کە ڕوودەدات لە بەکارهێنانی زەوی کە سنووری شار دەشکێنێت بەرەو دەرەوە. پسپۆرانی ئەم بوارە توێژینەوەکانیان چڕکردۆتەوە لەسەر ئەم بابەتە و چارەسەرکردنی لە ڕێگەی دانانی ماستەر پلانە. فراوان بوونی شار دیاردەیەکی جیهانیە و لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بەدی دەکرێت و ناوچەی توێژینەوەش بەدەر نیە لەمە، زیاد بوونی قەبارەی دانیشـــتوان لە چاو ناوچەکانی تر کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی پەیدا دەبێت.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە دەرخستنی ئاراستەکانی گرفتی فراوانبوونی شارنشینی شاری چۆمان، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی پەیوەست بەو دیاردەیە و گرنگترین فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان، هەروەها کاریگەری لەســـەر شـــێوازەکانی فراوانبوونی شـــار بە درێژایی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان.

## گرفتی توێژینەوە

١. ئایا شاری چۆمان بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە بەردەوامی هەیە لە فراوانبوون؟
٢. گرنگترین ئەو شێوازانە چین لە فراوانبوونی شاری چۆمان؟
٣. کام بەربەست کاریگەری زیاترە لەسەر فراوانبوونی شاری چۆمان؟
4. کام هۆکار کاریگەری زیاترە لەسەر شێوازەکانی فراوانبوونی شار؟

**سنوری توێژینەوە (کات, شوێن)**

١. کاتی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی (1991 تاوەکو کۆتایی 2020).

2. سنوری توێژینەوە بریتیە لە سنوری شارەوانی شاری چۆمان.

## ٢- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

شاری چۆمان دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (=00.–44°.55 و =00.–44°.50)ی رۆژهەڵات و بازنەی پانی (=10. –36°.37 و =00. –36°.40)ی باکور، بەم جۆرە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان و عێراق. هەروەک لە نەخشەی(١)دا بە دیار دەکەوێ.

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی، شاری چۆمان لە شوێنێکی داخراو هەڵکەوتووە و کەوتۆتە نێو کۆمەڵێک چیای بەرز لە شێوەی دۆڵ دەبینرێ و رووباری چۆمانی پێدا دەرِوا، کە سەنتەری قەزای چۆمان و سەنتەری ناحیەی ناوەندە(چۆمان)، هەروەها بەکۆمەڵێک یەکەی کارگێڕی دەورەدراوە بەجۆرێک لەبەشی باکورەکەی ناحیەی حاجی ئۆمەران و لەبەشی رۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و لەبەشی باشووری ناحیەی قەسرێ و لەبەشی باشوری رۆژئاوا ناحیەی گەڵاڵە و لە بەشی رۆژئاواکەی ناحیەی سمیلانە.هەروەها دەکەوێتە سەر رێگای نێودەوڵەتی هەولێر-رایات-حاجی ئۆمەران کە بەرێگای هاملتۆن ناسراوە.


گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی(١) ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی عێراق و پارێزگای هەولێر و قەزای چۆمان لەساڵی(2020)




سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:هاشم یاسین حمدامین حداد، کامران ولی محمود، ئەتلەسی پارێزگای هەولێر ، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل١١.

## 3. قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان:

شار لە گەشەکردن و فراوانبوونی بەردەوام دایە بە پێچەوانەوەش لە لاواز بوون و بچووک بوونەوەی بەردەوام دایە بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدا گوزەر دەکات. هەر بۆیە شار بوونەوەرێکی زیندووە و خەسڵەتێکی دینامیکی هەیە کە بە گوێرەی قۆناغەکانی فراوانبوونی دەردەکەوێت، هەر بۆیە بە بێ تێگەیشتن لە خەسڵەتەکانی فراوانبوون ناتوانرێت لە پێکهاتە ئاوادانکاریەکەی (الترکیب العمرانی) بگەین کە قۆناغەکانی فراوانبوونی شار دیار دەکات(الاشعب, 1982, ص15). بۆیە بە بیروبۆچونی ئیبن خەلدون هیچ شارێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کت و پڕ دەرناکەوێت، بەڵکو لەکرداری دروستبووندا بەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا دەڕوات(الجابری, 1986, ص11). لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بابەتە هەوڵدراوە قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-3 قۆناغی یەکەم(1952- تا کۆتایی 1991):

بەدرێژترین قۆناغ دادەنرێت، شاری چۆمان لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی دیاری کراو لە ساڵی(١٩٥٢) وەک ناوکێک دەرکەوت و تەنها لە (4) ماڵ پێکهاتبوو لەگەڵ چایخانەک و ئاشێکی ئاو(بەرچەم، 2021). لە کۆتایی ساڵی (1957)ژمارەیان گەیشتە (6)ماڵ (نەخشەی2) بۆیە بە سەرەتای قۆناغی یەکەمی مۆرفۆلۆجی دادەنرێت، دەسکەوتنی زانیاری لە سەر ئەم قۆناغە تا ڕادەیەک دژوارە بە هۆی نەبوونی بەڵگە و داتا و زانیاری و سەرچاوەی ئەکادیمی لە سەر ناوچەکە، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شاری چۆمان کە لەسەر ڕێگای گشتی هاملتۆن و نزیك سنوری کوردستان و ئێرانە ئەمە وای کرد شاری چۆمان بە شێوەیەکی خێرا گەشە بکات، هەر ئەمەش وای کرد ببێتە لانکی شۆڕشی ئەیلول و وەک قەڵغانێک بێت بۆ پارێزگاری کردن لە هێزی پێشمەرگە و برەودان بەم شۆڕشە. شاری چۆمان لە دوای شۆڕشی ئەیلول چەندین ماڵی تری تێدا نیشتەجێبوون و تا دەهات فراوانی بەخۆوە دەبینی، هەروەها چەندین خزمەتگوزاری جۆراو جۆری بۆ دامەزرا وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە و چەند دام و دەزگایەکی حکومی لەگەڵ ئەوەشدا لە پەراوێزی ئەم شۆڕشە فەرمانی بوون بە قەزا بۆ چۆمان دەرچوو و شاری چۆمانیش بوو بە سەنتەری قەزای چۆمان.(رسول, 2021) دەرەنجامی ئەم جەنگ و ململانێیە کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینی بووی، بۆیە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شاری چۆمان ڕوویان لەم شارە دەکرد بەمەبەستی پاراستنی خۆیان و ماڵ و سامانیان لە ترسی لە ناوچوون. بەڵام ئەم لێشاوەی فراوان بوون زۆری نەخایاند ڕێککەوتنامەی جەزائیری لەساڵی 1975هۆکار بوو بۆ پوکانەوەی شۆڕشی ئەیلول و جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق - ئێران)ی بەدوا هات شاری چۆمان نەک تەنها بچووک بویەوە بەڵکو بووە شارێکی خێو(خاڵی لە دانیشتووان) بەهۆی مەترسی ئەم جەنگە کاولکاریە. بەمەبەستی پاراستنی هاوڵاتیان و چۆڵکردنی مەیدانی جەنگ دانیشتوانی شاری چۆمان و گوندەکانی دەوروبەری لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی شاری سۆران و شەقڵاوە و هەولێر جێگیرکران. بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپی لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لێکەوتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (2): شاری چۆمان لە کۆتایی ساڵی(1957)




توێژەر پشت بەستن بە: Arcmap

بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووبەری(45.5)هکتار جێ بەجێ کراوە، وەك لە(خشتەی1) دیارە بەم شێوەیە بووە:

**3-1-1. بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون:** بە (13.6) هکتار بە ڕێژەی(29.9%)ی کۆی ڕووبەری گشتی شاری چۆمان پێکدێنێت. بەجۆرێك زۆرترین چڕی دەکەوێتە گەڕەکەکانی (کۆشکی ئاشتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گردمەندیل و ڕاپەڕین)، کەمترین چڕی دانیشتووان دەکەوێتە گەڕەکەکانی (چوارچرا و شیوەژوور و گوڵان)ە.

خشتەی(1) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی یەکەم(1991)

| بەکارهێنانی زەوی | نیشتەجێبوون | ڕێگاوبان | بازرگانی | پەروەردە | تەندروستی | خزمەتگوزاری | ئاینی | سەوزایی | پیشەسازی | ڕێڕەوی ئاوی | زەوی بەتاڵ | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر/ هکتار | 13.6 | 3.3 | 1.4 | 0.3 | 0.2 | 0.4 | 0.4 | 5.9 | - | 1.4 | 18.6 | 45.5 |
| ڕێژە% | 29.9 | 7.4 | 3 | 0.7 | 0.3 | 1 | 1 | 13 | - | 3 | 41 | 100 |

سەرچاوە تویژەربە پشت بەستن بە:نەخشەی(3) و (Arc map 10.6).

**2-1-3. بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ ڕێگاوبان(3.3)هکتار بووە، بەڕێژەی (7.4%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت.

**3-1-3. بەکارهێنانی زەوی بازرگانی:** لەم قۆناغەدا بازرگانی ڕۆڵێکی بنچینەی بینیوە لە سەرهەڵدان و گەشـــەکردن و فراوانبوونی شـــاری چۆمان، بەجۆرێك ڕووبەری بەکارهێنراو بۆ بازرگانی(1.4)هکتار بووە، بە ڕێژەی(3%)ی کۆی ڕووبەری گشتی شاری چۆمان پێکدێنێت.

**4-1-3. بەکارهێنانی زەوی پەروەردە:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ کەرتی پەروەردە(0.3)هکتار بووە، بە ڕێژەی (0.7%)ی کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان لە ساڵی(1991). لەم قۆناغەدا کەرتی پەروەردە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها بریتی بووە لە قوتابخانەی ســـەرەتایی، و ئەویش قوتابخانەی چۆمانی سەرەتایی بوو کە لە ساڵی 1983 دروستکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی کۆشکی ئاشتی. نەخشەی(4)

**5-1-3. بەکارهێنانی زەوی تەندروســـتی:** ئەم بەکارهێنانە کە خۆی لە دامەزراوە تەندروســـتییەکاندا دەبینێتەوە، وەك نەخۆشـخانە و بنکەی تەندروسـتی و نۆرینگە و دەرمانخانە بە ڕووبەری (0.2)هکتار ڕێژەی (0.3)ی کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت.

**3-1-6. بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاری گشـــتی:** ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی بوونی بە ســـەنتەری قەزا، چەندین بەکارهێنانی زەوی دام و دەزگای دەوڵەتی تێدا جێگیر کراوە، کە ڕووبەری (0.4)هکتارە، بە ڕێژەی (1)ی کۆی گشـــتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت. ئەم خزمەتگوزاریانە بەســـەر تەواوی شـــارەکە دابەش بووە کە ژمارەیان لە (7) خزمەتگوزاری دەبینێتەوە وەك قایمقامیەت و سەرۆکایەتی شارەوانی و دادگا و باری شارستانی و دائیرەی أمن و استخبارات و فەرمانگەی کارەبا.

**3-1-7. بەکارهێنانی زەوی ئایینی:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ کەرتی ئایینی لەم قۆناغەدا(0.4)هکتار بووە بە ڕێژەی(1%)کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمانی پێکهێناوە لەم قۆناغەدا.


**3-1-8. بەکارهێنانی زەوی ســـەوزایی:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ ســـەوزایی و حەوانەوە(5.9)هکتار بووە، بە ڕێژەی(13%)ی کۆی گشـــتی ڕووبەری شـــاری چۆمان لەســـاڵی(1991) پێکدێنێت.ئەو سەوزایەی لەچۆمان هەیە لەم قۆناغەدا هەمووی لە دەوری ڕووباری چۆمانە. نەخشەی(3)

**3-1-9. ڕێڕەوی ئاوی:** لەم قۆناغەدا ڕێڕەوی ئاوی ڕووبەرەکەی (1.4)هکتار بووە، بەڕێژەی(3%)ی کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان.

**3-1-10. زەوی بەتاڵ:** ڕووبەری زەوی بەتاڵ لە شـــاری چۆمان لەم قۆناغەدا بریتیە لە(18.6)هکتار بە ڕێژەی (41%)ی کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان لەساڵی(1991) پێکدێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی(3)شاری چۆمان لە کۆتایی قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم(1991)




سەرچاوە: توێژەر پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc map 10.6)

## 2-3. قۆناغی دووەم(2003-1992)

شاری چۆمان لەم قۆناغە گۆڕانکاری گەورەی بەسەر قەبارەی ڕووبەر و دانیشتووان داهاتووە، سەرەڕای ئەوەی گۆڕانی گەورە بەسەر بەکارهێنانی زەوی داهات لەم ماوەیەدا شاری چۆمان ڕووبەرەکەی لە(45.5)هکتار گەیشتە (112.7)هکتار، بێگومان ئەمەش دەرەنجامی ئەو کۆچە فراوانەی دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری بوون، بۆ سەنتەری شار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری (686)ی ناوچەی ئارام بۆ کوردستان و، بڕیای (986)ی نەوت بەرامبەر خۆراك، هۆکارێك بوون بۆ بوژانەوە و گەشەکردنی شارنشینی لە دەڤەرەکە.(نەقشبەندی، 2013، ل98) هەروەها وەستانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ئەمانە هۆکار بوون بۆ ڕەخسانی هەلی کاری زیاتر لە سەنتەری شارەکان، ئەمەش بوە هۆکارێك کە خەڵکی گوندەکان بەرەو سەنتەری شار کۆچ بکەن. دەرەنجام فراوانبوونی شاری لێکەوتەوە، هەروەها بۆوە هۆکارێك گۆڕانی گەورە بەسەر شێوازی بەکارهێنانی زەوی دابێت و خواست لەسەر خزمەتگوزاری جۆراوجۆر زیاد بکات. بەجۆرێك لە (خشتەی2) بەکارهێنانی زەوی بەم شێوەیە لەم قۆناغەدا ڕوون کراوەتەوە :

**3-2-1. بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوون:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ نیشتەجێبوون (37.95) هکتار بووە، کە دەکاتە ڕێژەی(33.66%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان. بەجیاوازی (24.35)هکتار ڕووبەرەکەی زیادی کردووە لەم قۆناغەدا. ئەم گۆڕانکاریە لە دانیشتوان لەسەرجەم گەڕەکەکانی شاری چۆمان ڕوویداوە.

**3-2-2. بەکارهێنانی زەوی ڕێگاوبان:**شاری چۆمان چەندین ڕێگای سەرەکی و لاوەکی تیادا بەدی دەکرێت، کە ڕووبەرەکەی(13) هکتارە بە ڕێژەی(11.5%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی ڕێگاوبان بریتیە لە(9.66)هکتار، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی دیاریکراو لەم ڕێگاوبانە بەتایبەتی شەقام و کۆڵانەکان قیرتاوکراون و هەندێکیان کۆنکریت کراون، وەك گەڕەکی سەکران و بندایزان و شیوەژوور و گوڵان.

**3-2-3. بەکارهێنانی زەوی بازرگانی:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ بازرگانی (3)هکتار بووە، بە ڕێژەی (2.7%) کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان لەم قۆناغەدا. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بازرگانی (1.68) هکتار بووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر شمەك و کاڵای ڕۆژانە.

**3-2-4. بەکارهێنانی زەوی پەروەردە:** ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ پەرەووەردە و فێرکردن (0.9)هکتار بووە، بەڕێژەی(0.8%)ی کۆی گشتی ڕوبەری شاری چۆمان لەم قۆناغەدا. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردە(0.58)هکتارە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، پێویستی بە قوتابخانەی زیاتر هەیە، لەم قۆناغەدا (2) قوتابخانەی تر زیادی کرد.

**3-2-5. بەکارهێنانی زەوی تەندروستی:** لەم قۆناغەدا ڕووبەری بەکارهێنانی تەندروستی (0.2)هکتار بووە، بەڕێژەی (0.2%)ی کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی تەندروستی(0.3)هکتار بووە،(خشتەی2) هەروەها شوێنی نەخۆشخانە گۆڕاوە و دەکەوێتە گەڕەکی گوڵان.

**3-2-6. بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاری گشتی:** ڕووبەری بەکارهێنانی خزمەتگوزاری گشتی (1.4) هکتار بووە، بەڕێژەی(1.3%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت لەم قۆناغەدا. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاری گشتی (1.1)هکتارە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی فەرمانگەی ئاو و بنکەی پۆلیس و فەرمانگەی کشتوکاڵ.

**3-2-7. بەکارهێنانی زەوی ئایینی:**ڕووبەری بەکارهێنانی ئایینی(1.2)هکتار بووە، بەڕێژەی(1%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان لەم قۆناغەدا. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بەراوورد بە قۆناغی یەکەم (0.79)هکتارە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی (5) مزگەوت، لە گەڕەکەکانی (شەهیدان، وەردە، کۆسرەتان، ڕاپەڕین، شۆڕش)، لەگەڵ فراوان بوونی ڕووبەری گۆڕستانەکان بەهۆی مردنی زیاتر.

**3-2-8. بەکارهێنانی زەوی سەوزایی:** ڕووبەری بەکارهێنانی سەوزایی (11.6)هکتارە کە دەکاتە ڕێژەی (10.3%)ی کۆی ڕوبەری شاری چۆمان. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی سەوزایی (5.73)هکتارە، هەرچەندە هیچ پارکێك لەم قۆناغەدا دروست نەکراوە، تەنها ڕووبەری سەوزایی کەنار ڕووباری گەورە و بەشێك لە گەڕەکەکان دەبینرێت، هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە کشانی سنوری شارەوانی چۆمانە ئەمەش وای کردووە بەشێك لە سەوزایی دەوروبەری ڕووبارەکان لەخۆ بگرێت و ببێتە بەشێك لەشاری چۆمان.

**3-2-9. بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی (0.3)هکتار بووە، بەڕێژەی(0.2%)کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت. لەم قۆناغەدا پیشەسازی بەشێوەیەکی سادە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ساکار لەدەرەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەرکەوت، ئەویش تەنها بریتی بوو لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و هەندێك کارگەی بچوکی وەك(ئەلەمنیۆم) بۆ کاروباری بیناسازی.

**3-2-10. ڕێڕەوی ئاو:** ڕێڕەوی ئاو ڕووبەرەکەی (1.7)هکتار بەرێژەی (1.5%) کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت. گۆڕانی ڕێڕەوی ئاو (0.36)هکتارە، ئەویش بەهۆی کشانی سنوری شارەوانی چۆمان بووە لەم قۆناغەدا، بەتایبەتی لەبەشی باکور و باشووری شارەکە.

**3-2-11. زەوی بەتاڵ:** ڕووبەری بەتاڵ لەم قۆناغەدا (40)هکتارە بە ڕێژەی(36%)ی کۆی ڕوبەری شاری چۆمان پێکدێنێت لە کۆتایی ساڵی 2003، گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بەتاڵ(21.73)هکتارە، هۆکاری زیادبوونی ئەم ڕووبەرە دەگەڕێتەوە بۆ کشانی سنوری شارەوانی چۆمان بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر زەوی بۆ سەرجەم بەکارهێنانەکانی تر.


خشتەی(2) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی دووەم(2003)

| بەکارهێنانی زەوی | نیشتەجێبوون | ڕێگاوبان | بازرگانی | پەروەردە | تەندروستی | خزمەتگوزاری | ئاینی | سەوزایی | پیشەسازی | ڕێڕەوی ئاو | زەوی بەتاڵ | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر/ هکتار | 37.95 | 13 | 3 | 0.9 | 0.2 | 1.4 | 1.2 | 11.6 | 0.3 | 1.7 | 40 | 112.7 |
| ڕێژە% | 33.66 | 11.5 | 2.7 | 0.8 | 0.2 | 1.3 | 1 | 10.3 | 0.2 | 1.5 | 36 | 100 |

سەرچاوە تویژەربە پشت بەستن بە:نەخشەی(4) و (Arc map 10.6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی(4) شاری چۆمان لە کۆتایی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم (2003)




سەرچاوە: توێژەر پشت بەستن بە: Arc Map10.6

### 3-3. قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم(2004ـ 2020):

ئەم قۆناغە بە گرنگترین و خێراترین قۆناغ دادەنرێت بۆ گەشەی شارنشینی و فراوانبوونی ڕووبەری شاری چۆمان، بەجۆرێك ڕووبەری شاری چۆمان لە(112.7)هکتار لەکۆتایی قۆناغی دووەم گەیشتۆتە (375.5)هکتار لە کۆتایی ئەم قۆناغە. ئەمە جگە لە فراوان بوونی ڕووبەری گەڕەکەکان. بێگومان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار بووە دیارترینیان پرۆسەی ئازادی عێراق بوو، هۆکار بوو بۆ کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهان و، وولآتانی دراوسێ، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شاری چۆمان وەك دەروازەیەك لە نێوان وولآتی ئێران و هەرێمی کوردستان. جگە لەمەش پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و خانوبەرە، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی شارنشینی. هەروەها هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ئەمانەش کاریگەری زیاتری هەبوو بۆ هاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بتوانێ خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لە شاری چۆمان ئەنجام بدات.

شاری چۆمان بەردەوام بوو لە گەشەی شارنشینی و فراوانبوون و کشانی سنورەکەی بەرەو دەوروبەری، بەڵام لەدوای ساڵی (2014) ئەم گەشەیە زۆر سست بوو بەبەراوورد لەگەڵ ناوەڕاستی قۆناغی سێیەم، بێگومان ئەمەش زادەی کۆمەڵێك هۆکاری مرۆیی بوو، دیارترینیان لاوازی بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و سەرەڕای نزم بوونی نرخی نەوت، شەڕی هێزی پێشمەرگە بەرامبەر داعش. ئەمانە هۆکاربوون بۆ سست بوونی گەشەی دانیشتوان و چالاکیە ئابووریەکان.

شاری چۆمان لە ڕووی ڕووبەرەوە فراوانبوونی بەخۆوە بینی، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی زەوی گۆڕانی بەرچاوی بەسەر داهات، بەهۆی بوونی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەشارەکە. ئەوەی جێی باسە ئەم گۆڕانکاریە زۆر لەسەر خۆو کەم بوو، ئەویش بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە هات، وەك شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری. جگە لەمەش ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی هەڵکەوتەی لە نزیك سنوری(کوردستان ـ ئێران) نەبۆتە جێگای بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەمانەش نەبوونی تاپۆ بۆ شاری چۆمان ئەوەندەی تر فراوانبوونی شاری سست کردووە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بارووودۆخە بەم شێوەیە باس لە بەکارهێنانی زەوی دەکەین لەم قۆناغە.

**1-3-3. بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوون:**ڕووبەری بەکارهێنانی نیشتەجێبوون (81.96)هکتار، کە ڕێژەی (21.83%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت لەم قۆناغە خشتەی4. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بەبەراوورد بە کۆتایی قۆناغی دووەم (44.01)هکتار، ڕووبەری زەوی نیشتەجێبوون لەم قۆناغەدا فراوانتر بووە بەبەراوورد بە قۆناغی پێشووتر، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی و بەکارهێنانی زەوی. هەروەها ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون لە کۆتایی ئەم قۆناغە دەگاتە(3547) یەکەی نیشتەجێبوون.(ناوەندی، 2021) جگە لەمەش هەریەك لە گەڕەکەکانی (گردمەندیل و مەمیخەلان و ڕاپەڕین و شۆڕش و وەردە) بەهۆی کۆچی دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەم گەڕەکانە سنورەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.(حمد،2021)

**2-3-3. بەکارهێنانی زەوی ڕێگاوبان:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی ڕێگاوبان(38)هکتار بەڕێژەی (10%) کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت، گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی ڕێگاوبان بەبەراوورد بەقۆناغی دووەم (24.92)هکتار خشتەی3، هۆکاری ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون، بێگومان ئەمەش پێویستی بە ڕێگاوبانی زیاترە.

**3-3-3. بەکارهێنانی زەوی بازرگانی:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بازرگانی (5.6)هکتار بە ڕێژەی (1.5%) کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت (خشتەی3). گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بازرگانی (2.62) بەبەراوورد بە کۆتایی قۆناغی دووەم.

**4-3-3. بەکارهێنانی زەوی پەروەردە:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی پەروەردە (2.9)هکتار بەڕێژەی (0.8%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی پەروەردە(2.05)هکتار، بەجۆرێك ڕووبەری بەکارهێنراو بۆ پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغی یەکەم تەنها(0.30)هکتار بووە.

لەم قۆناغە شاری چۆمان (19) قوتابخانە و (3) باخچەی ساوایان لەخۆ دەگرێت، هەروەها لە ساڵی(2014) (1)پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەری ناحکومی دروستکرا، (پەروەردە، 2020) کە لەمێژووی شاری چۆمان شتێکی زۆر تازە و گۆڕانێکی وەچەرخان بوو، چونکە بوونی پەیمانگا لە شوێنێك بێت، ڕووخسارێکی شارستانی دەدات بەو جێگە و ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و تاك و نەخوێندەواری بنبڕ دەکات. بێگومان ئەم پەیمانگایەش قوتابیەکانی لە ناوچەکانی سمیلان و حاجی ئۆمەران و گەڵاڵە و ناوچەی تر بۆ هاتووە،(طە، 2020).

**5-3-3. بەکارهێنانی زەوی تەندروستی:** ڕووبەری بەکارهێنانی تەندروستی(0.3)هکتار بەڕێژەی (0.1%) کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان دەبێت، بەبەراوورد بەقۆناغی پێشووتر (0.15)هکتار زیادی کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**6-3-4. بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاری گشتی:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاری گشتی (4.3)هکتار بەڕێژەی(1.3%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان بووە. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی (2.85) هکتار بووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی کۆمەڵێك فەرمانگەی حکومی وەك (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چۆمان، بنکەی ئاسایش، بنکەی هاتوچۆ، بنکەی ئاگر کوژێنەوە، ، فەرمانگەی ڕەگەزنامەی چۆمان ، بانکی چۆمان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی چۆمان، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری چۆمان).(رسول،2020)

گۆڕانی بەرچاو بەسەر ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی دا هاتووە، چونکە زۆربەی ئەم دام و دەزگایانە دوای ساڵی (2003) لە شاری چۆمان کراونەتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان هەبووە بۆ سەنتەری شارەکە، تاوەکو بە ئاسانی دەستیان بەم خزمەتگوزاریانە بگات، جگە لەمەش کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری چۆمان هەبووە، بەهۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی شاری چۆمان لەم دام و دەزگایانە، ئەمەش وای کردووە دانیشتووانی گوندەکانی دەورووبەری ڕوو لە سەنتەری شاری چۆمان بکەن.

**7-3-3. بەکارهێنانی زەوی ئایینی:** ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی ئایینی (3.8)هکتار و ڕێژەی (1%) کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەی داگیر کردووە، لەم ڕووبەرە (1.05)هکتار بەڕێژەی(0.30) بۆ مزگەوت و ڕووبەری(2.77)هکتار بەڕێژەی(0.83%) بۆ گۆڕستان بەکارهاتووە لەکۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان.

بەراوورد بە قۆناغی دووەم (2.59)هکتار زیادی کردووە، بەهۆی زۆربوونی مزگەوتەکان و گۆڕستانەکان لەم قۆناغەدا کە ژمارەیان گەیشتە(12)مزگەوت و (6) قەبرستان. خشتەی(3). بێگومان ئەمەش کاریگەری بەرچاوی لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی هەبووە.

**8-3-3. بەکارهێنانی زەوی سەوزایی:**شار هەرچەند ڕووبەری بچووك بێت یان گەورە، پێویستی زۆر بە شوێنی حەوانەوە و کات بەسەر بردن هەیە تاوەکو دانیشتووان کاتە بەتاڵەکانیان تیایدا بەسەر ببەن، شاری چۆمان لەم قۆناغەدا هەنگاوێکی گەورەی نا ، چونکە لەم قۆناغەدا (2) باخچەی گشتی تیایدا درووست کرا، لەگەڵ بوونی ڕووبەرێکی سەوزایی لەدەوری ڕووباری گەورەی چۆمان، کە ڕووبەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنراو بۆ سەرجەمیان(21.4)هکتار زەوی بەرێژەی(5.7%)ی کۆی ڕووبەری شاری چۆمان بوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی هەبووە بەبەراوورد بە قۆناغی پێشووتر. کە گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی(9.78)هکتار بووە.

**9-3-3. بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی:** بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی (0.5)هکتار ڕووبەر داگیر دەکات بە ڕێژەی(0.2%)ی کۆی ڕووبەری گشتی شاری چۆمان پێکدێنێت، کە ئەمەش پێکهاتووە لە چەند پیشەسازییەکی سادەی وەك ئاسنگەری و دارتاشی و خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکانی تایبەت بە گواستنەوە و بەرگ دوورین.

گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی(0.26)هکتار بووە، شاری چۆمان لەڕووی پیشەسازیەوە هاوشێوەی ناوچەکانی تری باشوری کوردستان، تەنها چەند پیشەسازیەکی سادە و ساکار(سوك) لە خۆ دەگرێت، لەم قۆناغەدا لە ڕووی پیشەسازیەوە فراوانی بەخۆوە بینیوە بەجۆرێك پیشەسازی باکوور لە ساڵی(2010)دروستکراوە، ئەم پیشەسازیانە تەنها بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلە.

**10-3-3. ڕێڕەوی ئاوی:** ڕێڕەوی ئاوی ڕووبەرەکەی (4.6)هکتار بەرێژەی (1.2%)ی کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت، گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی (2.89)هکتارە.

**11-3-3. زەوی بەتاڵ:**ڕووبەری زەوی بەتاڵ لەم قۆناغەدا(196)هکتار بەرێژەی(52%)کۆی گشتی ڕووبەری شاری چۆمان پێکدێنێت. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی (155.80)هکتارە، بێگومان ئەم پێچەوانەی ئەم ڕاستیەیە کە شار لەسەر حیسابی زەوی بەتاڵ فراوان دەبێت، چونکە لەشاری چۆمان ڕووبەری زەوی بەتاڵ بەردەوام لە هەڵکشانە هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە، بۆ نەبوونی تاپۆ و سنورێکی دیاریکراو بۆ شارەکە بەردەوام لەگەڵ فراوانبوونی شارەکە سنورەکەشی کشاوە، ئەمەش وای کردووە بەردەوام زەوی بەتاڵ زیاتر لە خۆ بگرێت.

**خشتەی(3) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی سێیەم(2020)**


| بەکارهێنانی زەوی | نیشتەجێبوون | ڕێگاوبان | بازرگانی | پەروەردە | تەندروستی | خزمەتگوزار | ئاینی | سەوزایی | پیشەسازی | ڕێڕەوی ئاوی | زەوی بەتاڵ | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر/ هکتار | 81.96 | 38 | 5.6 | 2.9 | 0.3 | 4.3 | 3.8 | 21.4 | 0.5 | 4.6 | 196 | 375.5 |
| ڕێژە% | 21.83 | 10 | 1.5 | 0.8 | 0.1 | 1.3 | 1 | 5.7 | 0.2 | 1.2 | 52 | 100 |

سەرچاوە تویژەربە پشت بەستن بە:نەخشەی(5) و (Arc map 10.6).

نەخشەی(5) شاری چۆمان لە کۆتایی قۆناغی سێیەم




سەرچاوە: توێژەر پشت بەستن بە :Arc map 10.6

## 4.شێوازەکانی فراوانبوونی شارنشینی لە ناوچەی توێژینەوە:

شار لە قۆناغەکانی فراوانبوونی دا، بە یەك ئاراستەو شێواز فراوان نابێت و گەشە ناکات، بەڵکو گۆڕانی گەورەی بەسەر دادێت، ئەم دیاردەیەش تایبەت نیە تەنها بەناوچەیەك بەڵکو هەمو شارەکانی جیهانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتۆتەوە، دوای بوونی شاری چۆمان بە ناوەندی قەزا، ڕووبەرەکەی زیادی کرد و گەورەبوو، سنورەکەی بەرەو لێوارەکانی بەهەرچوار لاوە کشاوە، بەڵام لەهەموو قۆناغەکانی توێژینەوە بەیەك شێوە نەبووە، ئەمەش وای کردووە لە هەر قۆناغێك شێوازێك یان چەند شێوازێك وەربگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1-4. شێوازی هەڕەمەکی:**ئەم جۆرە فراوانبوونە بە بێ بوونی هیچ پلانێکی پێش وەختە ڕوودەدات، کاتێك ئەم شێوازە درووست دەبێت هیچ جۆرە پلان و ڕێنماییەك و یاسایەك بوونی نیە.(الحديثی, 1999, ص20) شاری چۆمان لەقۆناغی یەکەم و دووەمی گەشەکردنی ئەم شێوازەی وەرگرتووە، ئەویش بەهۆی کەمی جێ بەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و بارودۆخی ئەمنی و سیاسی لەناوچەکە لەو پەڕی خراپی بوو، سەرەڕای ئەوەش ناوچەکە بە کۆمەڵێك شەڕ و ململانێ گیرۆدە ببو، ئەوەش وای کرد شارەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی گەشە بکات و هیچ پلانێکی نەبێت.شێوازی هەڕەمەکی چەند جۆرێك دەگرێتەوە، وەك شێوازی(پلە پلە, کەڵەکەبوو، فرەناووك)، لەم شێوازەدا تەنها دووانیان لەسەر شاری چۆمان جێ بەجێ دەبێت ئەوانیش شێوازی هەڕەمەکی پلە بە پلە و کەڵەکەبووە.

**1-4- أ. شێوازی هەڕەمەکی پلە پلە:** ئەم شێوازە لەسەر شاری چۆمان زۆر بە دیاری کراوی هەستی پێ ناکرێت، چونکە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم شێوازە زۆرن، تەنها هۆکاری بوونی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە سەنتەری شار، هۆکارە بۆ ئەوەی دانیشتووانی شاری چۆمان بە ئاراستەی دەوروبەری شارەکە بڕۆن بەهۆی کەمی نرخی زەوی لەم ناوچانە، جگە لەوەش شاری چۆمان (شەش) گۆڕستان لە خۆ دەگرێت ئەمەش وای کردووە شاری چۆمان لە پشتەوەی گۆڕستانەکان بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی (ڕاپەڕین و شۆڕش و گوڵان)گەشە بکەن و شێوازی پلە بە پلە وەربگرن بەتایبەتی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم، جگە لەمەش بەهۆی فشەلی زەوی لە باشوری چۆمان بەدیاریکراوی لە گەڕەکی کۆسرەتان و سەرووەران بەدی دەکرێت بەتایبەتی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم.

**1-4- ب. شێوازی هەڕەمەکی کەڵەکەبوو:** ئەم شێوازە بە سادەترین شێوازی گەشەی شار دادەنرێت، چونکە گەشەکردنەکە لە سەنتەری شار بەرەو لێواری شارە، کە لەلایەن برجس لە ساڵی 1923ئەوەی ڕوون کردۆتەوە و ناوی لێناوە پاڵنەری شەپۆلی،(عطال, 2009, ص49) بۆیە لە شاری چۆمان زۆر بەڕوونی بەدەر دەکەوێت، بەجۆرێك شاری چۆمان لە سەنتەری شارەوە بەهەرچوارلادا گەشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە، بەرەو لێوارەکانی کە چەندین زەوی گوندەکانی مەمی خەلان و وەردە و ...هتد لەخۆ گرتووە. شاری چۆمان لەناوەڕاستی چینێکی کۆمەڵایەتی و لە لێوارەکانی چینێکی ئابوری لاواز نیشتەجێن. ئەم شێوازەش لە هەرسێ قۆناغی مۆرفۆلۆجی بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی لە قۆناغی سێیەم چونکە نرخی زەوی لە سەنتەری شار بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

### 2-4. شێوازی فراوابوونی هێڵی:

ئەم شێوازە لە شێوەی گوریسی و درێژکۆڵەیی دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی بوونی ڕێگای ئاسنی و ڕێگای گواستنەوە، جگە لەوەش بوونی ناوچەیەکی بەربەست لەبەردەم فراوانبوون، وەك چیا یان ڕووبار و دەریاو دەریاچەکان.(الشمری, 2006, ص5) ئەم شێوازە لە دیارترین سیمای گەشە و فراوانبوونی شاری چۆمانە، کە تایبەتمەندیەکی سەرەکی شارەکەیە لە هەر سێ قۆناغی مۆرفۆلۆجی زۆر بە ڕوونی دیارە(نەخشە5)، ئەمەش بەهۆی بوونی ڕێگای نێودەوڵەتی هاملتۆن کە بە ناوەڕاستی شاری چۆمان تێ دەپەڕێت و شارەکە دەکاتە دووبەشی نیمچە یەکسان، هەروەها ئەم ڕێگایە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتن و گەشەکردن و فراوانبوون و مانەوەی ئەم شارەیە. جگە لەمەش بوونی ڕووباری گەورەی چۆمان، بە هۆکارێکی تر دادەنرێت کە شاری چۆمان شێوەی هێڵی هەبێت، تایبەتمەندی ئەم شێوازە لەدەست نەدات. هەروەها هەڵکەوتەی شاری چۆمان لە نێو کۆمەڵێك زنجیرە چیای بەرز، کە پێگەکەی بریتیە لە دۆڵێکی تەسك و درێژ، ئەمەش وای کردووە شاری چۆمان سیمایەکی درێژکۆڵەیی هەبێت و بە شێوازی هێڵی بمێنێتەوە.

بوونی ئەم شێوازە تەنها کاریگەری لەسەر شاری چۆمان نەبووە، بەڵکو زۆر بەڕوونی لە نەخشەی(5) دەردەکەوێت، بەشێك لەگەڕەکەکانی وەك(چوارچرا و چۆم درێژ و شیوەژوور) شێوازی هێڵی وەردەگرن، گەڕەکی چوارچرا و چۆم درێژ هەردوو ڕێگای هاملتۆن و ڕووباری گەورەی چۆمان هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ئەم شێوازەن، بەڵام هەرچی گەڕەکی شیوەژوورە تەنها ڕێگای هاملتۆن کاریگەری لەسەر هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-4.شێوازی تەوەرەیی:

شار بە شێوەیەکی بەردەوام گەشە دەکات، تاوەکو دەگاتە بەربەستە سروشتی و مرۆییەکان ڕێگرن لەبەردەم فراوانبوونەکە، ئەم فراوانبوونە لەسەنتەری شار بەرەو لێواری شار، یان بەدرێژایی ڕێگا و شەقامە سەرەکی و لاوەکیەکان ڕوودەدات.(عزیز, 2011, ص10) شاری چۆمان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم و سێیەم، ئەم شێوازەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم، فراوان بوون بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی بچوکی و هێواشی گەشە و فراوانبوونی شار سنورەکەی نەگەیشتبووە ناوچە بەربەستەکان، تەنها بەدرێژایی ڕێگای هاملتۆن گەشەی کردووە، بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم و سێیەم بەشێوەیەکی بەرچاو سنورەکەی کشا بەرەو ناوچە چیاییەکان وەك چیای سەکران لە ڕۆژهەڵات و چیای بەردەبووك لەرۆژئاوای شارەکە. هەر ئەم فراوانبوونە هۆکار بووە بۆئەوەی گەڕەکەکانی سەروەران و گەردین دەرکەون، جگە لەمەش سنوری گەڕەکەکانی مەمی خەلان و گردمەندیل و کۆسرەتان و سەکران لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشە بکات و بەرەو ناوچە بەربەستەکان بکشێ، هەریەك لەگەڕەکەکانی وەردە و گەردین و شۆڕش لەبەشی ڕۆژئاوای شارەکە فراوانبوونی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە.

### 4-4. شێوازی پرکراوەیی:

ئەم شێوازە لە ئەنجامی بوونی بۆشایی لەشار درووست دەبێت و دواتر وورده وورده فراوانبوون بەخۆوە دەبینێ.(أبوعيانه، 1984، ص291) شاری چۆمان لەقۆناغی یەکەم تاوەکو قۆناغی سێیەم ئەم شێوازەی زۆر بە ڕوونی بەسەردا جێبەجێ دەبێت بەجۆرێك لە قۆناغی یەکەم تەواوی گەڕەکەکان ئەم سنورەی ئێستایان نەبوو، بەڵکو یەکەکانی نیشتەجێبوون لەدووری یەك دروست دەکران، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی شار بۆشاییەکانی نێوانیان پڕدەکرایەوە و شارەکە بەرەو یەك دەچوو، بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم ئەم شێوازە لە گەڕەکی کۆسرەتان زۆر بە ڕوونی دیارە، بەهۆی بوونی زەویەکی فشەل نەتوانراوە سوودی لێ ببینرێ، بۆیە ئەم ناوچەیە بە بۆشایی ماوەتەوە.

### 5-4. شێوازی بە پلان:

بە پێشکەوتوترین شێوازی فراوانبوونی شار دادەنرێت، چونکە لەسەر کۆمەڵێك ئامراز و نەخشەی بنەڕەتی و یاسا دەوەستێت، ئەم شێوازە لەزۆربەی شارەکانی وولاتانی پێشکەوتوو جێبەجێ دەکرێت، بۆ ڕێگریکردن لە بێ سەروبەری و قۆرغکردنی زەوی دەولەت.(صالح، 2009، ص24) شاری چۆمان بەهۆی نەبوونی تاپۆ، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی تۆکمە ئەم شێوازەی لەسەر جێبەجێ بکرێت، بەڵام مانای وانیە کە ئەم شێوازە بوونی نیە لە شاری چۆمان، بەڵکو لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم بەهۆی بوونی چاودێریەکی ووردی شارەوانی و ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی، توانراوە پلانێکی گونجا بۆ شێوازی فراوانبوونی شار دابنرێت، جگە لە بوونی ماستەرپلانی شاری چۆمان بۆ ساڵی(2050) دانراوە، ئەمەش وادەکات شاری چۆمان بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی گەشە بکات و سنورەکەی فراوان ببێت.

## 5. گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر فراوانبوونی شاری چۆمان:

جوگرافی ناسان لە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر فراوانبوونی شار گرنگی زۆر بە هۆکارەکانی پاڵنەر بەم فراوانبوونە دەدەن، شار لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا کۆتا قۆناغ بە چەندین شێوە فراوان دەبێت، هەر قۆناغە هۆکارێک یان چەندین هۆکار ئاوێتەی یەک دەبن و دەبنە پاڵنەر یان بەربەست بۆ فراوانبوونی شار, کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 5-1. فاکتەری سروشتی:

شـــاری چۆمان بەهۆی پێگەکەیەوە کە دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک چیای بەرز و ســـەخت بەربەســـتێکی بەهێزە، کە ڕێگرن لەبەردەم فراوانبوونی شارەکە و ئاستەنگ دروست دەبێت بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی جۆرا و جۆر، بەجۆرێک کاریگەری لەسەر لێژی هەیە، شاری چۆمان لە ناو دۆڵێکی تەسک و درێژکۆڵەی ناو چیاکان دروســـت بووە، بۆیە ئاراســـتەی فراوانبوونی شـــارەکە بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا وادەکات لێژیەکەی زیاد بکات و بگاتە(15.9)، هەروەها بە ئاراســـتەی باکور و باشـــور تا ڕادەیەک لێژیەکەی کەمترە و دەگاتە(8)(عثمان, 2013, ل39), شـــاری چۆمان هاوشـــێوەی بەشـــەکانی تری کوردستان، بەدەر نەبووە لە پێشکەوتنی شارستانی و تەکنەلۆجی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە

بەسەر ئەم لەمپەر و بەربەستانە زاڵ بێت کە ئاستەنگن لەبەردەم فراونبوونی شارەکە کە بەئاسانی بتوانێ پەل بهاوێ بۆ هەر چوار ئاراستە، ئەمەش بەڕوونی لە گەڕەکەکانی (بندایزان و مەمی خەلان و سەکران و گرد مەندیل و کۆسرەتان) بەدەردەکەوێت، کە لە بەشی ڕۆژهەڵات فراوانبوونیان بەخۆوە بینیوە، بەهۆی چیای (حەساری سەکران)نەتوانراوە خانوو لەپاڵ یەک بەشێوەی هەندەسی دروست بکرێت، بۆیە خانووەکان لەسەر زەویەکی شەپۆلاوی دروستکراون، بێگومان ئەمەش ئاستەنگ لەبەردەم تیمی خزمەتگوزاری شارەکە دروست دەکات تاوەکو بتوانرێ خزمەتگوزاری جۆرا و جۆریان بۆ دابین بکات، هەروەها لە بەشی ڕۆژئاوا هەریەک لە گەڕەکەکانی (گەردین، شەهیدان، وەردە، شۆڕش، ڕاپەڕین) بەهۆی بەرزی چیاکان خانوەکان لە شێوەی پەرت و بڵاو دەبینرێت و خزمەتگوزاری پێویستیان پێ نەگەیشتووە، بەڵام بەهۆی درێژکۆڵەیی شاری چۆمان لە نێوان دۆڵەکان بەشەکانی باکور و باشووری کەمتر ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە بونەتەوە.

### 2-5. فاکتەری مرۆیی:

### 1-2-5. فاکتەری دیمۆگرافی(گەشەی دانیشتووان و کۆچ):

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی گوزەرانی تاک، بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە گۆڕانی بەرچاوی بەسەر داهاتووە، ڕێژەی لەدایک بوون هەمیشە بەرزترە بەبەراورد لەگەڵ مردن، ئەمەش کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر زیادبوونی دانیشتووان، تاوەکو ژمارەی دانیشتوان زیاد بکات خواست لەسەر زەوی نیشتەجێبوون زیاد دەکات، لەپاڵ ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵکشانی پێویستی خەڵک بۆ خزمەتگوزاری جۆراوجۆر، ئەمەش فراوانبوونی شار و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بە سەیرکردنی خشتەی (4) دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر قەبارەی دانیشتووانی ناوچەی لێکۆڵینەوە داهاتووە، لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە، بەجۆرێک لەسەرەتای دامەزراندنی شاری چۆمان لەساڵی(١٩٥2) تەنها (4)ماڵ بوون، ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی (٢٢)کەس بوو، لە ناوەڕاستی ساڵی(٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(١٨٩٨١)کەس. (شارەوانی چۆمان، 21-5-2021)

ئەوەی گرنگە تیشک بخەینە سەر ئەم کۆچە ناوەخۆییەی گوندەکانی دەوروبەری شاری چۆمان لە هەرچوار ئاراستەوە ڕوویان لەم شارە کردووە و بەشێوەی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێبوون، هەرئەمەش وای کردووە دەستەی کارگێڕی ناوچەکە ناوی بەشێک لە گەڕەکەکانی شاری چۆمان بەناوی خەڵکەکەی بکەن کە لەم گوندەی لێوەی هاتوون بۆنمونە گەڕەکی دێڵزە و وەردە و بندایزان و سەکران و مەمی خەلان...هتد. (گەلەژێری، 22-5-2021)

ئەم کۆچە کاریگەری بەرچاوی لەسەر فراوانبوونی شاری چۆمان هەبووە وای کردووە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە بە شێوەی خێراتر زیاد بکات و هەرئەمەش وای کردووە کە خواست لەسەر زەوی نیشتەجێبوون لە سەنتەری شاری چۆمان زیاد بکات و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لێبکەوێتەوە.

### 2-2-5. فاکتەری کۆمەڵایەتی:

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەتوانین بڵێین فاکتەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەسەر فراوان بوونی شار، بەجۆرێک دانیشتووانی شاری چۆمان ئاوێتەی یەک بوون و زیاتر لە(٩٩%) خەڵکەکەی سەر بە هۆزی(باڵەک)ن و ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر پرۆسەی فراوانبوونی شار، بۆتە بەربەستێک لەبەردەم فراوانبوون. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ماڵ بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە لە شاری هەولێر هاتونەتە شاری چۆمان لەساڵی(1983) و لە گەڕەکی کۆسرەتان نیشتەجێ بوون, هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئاوەدان کردنەوەی گەڕەکی کۆسرەتان، جگە لەمەش بەهۆی کەمی هەلی کار لە ناوچەکە خەڵکەکە لە تەمەنێکی بچوک ناتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەوەی گرنگە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی خێزان خانوو دروست دەکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆسەی فراوانبوونی شار دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە بە جۆرێک چەندین پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوانیان دروست بووە.لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتووانی ناوچەکە ئارەزووی ژیان ناکەن لە شوقەکان و باڵاخانەکانی نیشتەجێبوون، بەڵگە بۆ ئەمەش لە ساڵی (٢٠١٤) زیاتر لە (٧٠)یەکەی نیشتەجێبون لە شێوەی شوقە دروست کراوە، کەچی تاوەکو ئێستا ئەم شوقانە چۆڵن و کەسی تێدا ناژی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(4): دانیشتووانی شاری چۆمان لە کۆی قەزای چۆمان

| ساڵ | دانیشتووانی شار | دانیشتووانی قەزا | (%) لە کۆی قەزا |
|---|---|---|---|
| ١٩٥2 | 22 | - | - |
| ١٩٧7 | 988 | 23985 | 4.11 |
| ١٩٩١ | 3827 | 24752 | 15.46 |
| ٢٠٠٣ | 7245 | 25184 | 28.76 |
| ٢٠09 | 8898 | 26105 | 34.08 |
| ٢٠٢٠ | 11757 | 34492 | 34.08 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم،هۆبەی دانیشتووان و هێزی کار، 2021.

دەکرێت بڵێین فاکتەری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پرۆسەی فراوانبوونی شاری چۆمان زۆرە بەهۆی بوونی یەک هۆز لە ناوچەکە، ئەمە وای کردووە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شاری چۆمان بەهۆی بوونیان لە هەمان هۆز بێنە ناوچەکە و نیشتەجێبن، دواتر شارەکە سنورەکەی بکشێ و پەلبهاوێژێ بۆ دەوروبەری. جگە لەمەش دوای چۆڵکردنی شاری چۆمان لە ساڵی(١٩٨٣) کەچی بەهۆی بوونی زێدی باب و باپیرانی خەڵکی ناوچەکە لە دوای ساڵی (١٩٩١) گەڕانەوە شاری چۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستاش خەڵکانێک نەگەڕاوەنەتەوە شوێنی خۆیان. سەبارەت بە لایەنی ئاینی کە وەک فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر فراوانبوونی شار چونکە ئەوانەی لە ئاین هاوشێوەن ئارەزوو دەکەن لە نزیک یەکتری نیشتەجێبن. شاری چۆمان دانیشتووانەکەی لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامن و هیچ جۆرە ئاینێکی تری تیا نیە، بۆیە (١٦)مزگەوت لە شاری چۆمان بوونی هەیە هیچ جۆرە شوێنێکی پەرستشی ئاینی تری تیا نیە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئاین فاکتەر بووە بۆ گەشەکردنی شاری چۆمان.

### 5-2-3. فاکتەری ئابووری:

### 5-2-3-1. بازرگانی:

شوێنی شاری چۆمان زەمینەیەکی لە باری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی وەکو بازاڕێک بێت بۆ خستنەڕوو و مامەڵە پێکردنی کاڵا و شتومەکەکانی گوندەکانی دەوروبەری، ڕۆژانە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەر

و تەنانەت دانیشتوان ناحیەی حاجی ئۆمەران بەمەبەستی ئاڵ و گۆڕی بازرگانی دێنە شاری چۆمان، بەمەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی پەرەدەسەنێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی شوێنە بازرگانیەکان لە زیادبوونە. جگە لەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شاری چۆمان لەسەر ڕێگای گشتی هاملتۆن کە شاری چۆمان بە تەواوی ناوچەکانی تری پارێزگای هەولێر دەبەستێتەوە، بەتایبەتی شاری سۆران، وای کردووە ئاڵوگۆڕی بازرگانی زیاد بکات. هەروەها بەهۆی ئەوەی شاری چۆمان دەکەوێتە ناوچەیەکی سنووری نزیک لە حاجی ئۆمران لەسەر سنوری کۆماری ئیسلامی ئێران هۆکارێک بووە بۆ پەرەسەندنی جموجۆڵی بازرگانی لە ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە کە کاریگەری کردۆتە سەر پەلکێش کردنی دانیشتووان بۆ شارەکە.

هەر ئەمە وای کردووە کەوا ژمارەی شوێنە بازرگانیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بوون بێت کە سەرەتای دروستبوونی شاری چۆمان لە ساڵی(١٩٥2) تەنها یەک چایەخانە و یەک ئاشی ئاوی لێ بووە، کەچی لە ساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی دووکانەکان گەیشتۆتە (٥٧٨) دووکان، بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هۆکارانە بووە کە باسمان کرد. هەر ئەمەش وای کردووە شاری چۆمان لە سنوری دیاریکراوی خۆی نەوەستێت و پەلبهاوێ بۆ دەرەوەی سنورەکەی و فراونبوونی شاری لێبکەوێتەوە، لە ئەنجامی ئەم فراوانبوونەش گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی دروست بووە، هەم لەڕووی ڕێژە و جۆرەکەی. (شارەوانی چۆمان، 22-10-2020)

### 5-2-3-2. گواستنەوە:

شاری چۆمان خاوەنی کۆمەڵێک تۆڕی ڕێگاوبانی باشە کە وای کردووە پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری ببەستێت، گرنتگرێن ڕێگاوبانەکانی بریتین لە ڕێگای ووشکانی وەک ڕێگای هاملتۆن کە شاری چۆمان بە شاری هەولێر دەبەستێتەوە بە درێژایی(١٦٠)کم لە سەنتەری شاری هەولێر دوورە، هەروەها تەنها (٢٠)کم لە سنوری ووڵاتی ئیسلامی ئێران دوورە(خشتەی٣) هەر لەم خشتەیەدا دیار شاری چۆمان بەهۆی ڕێگای ووشکانیەوە بەستراوەتەوە بە سەنتەری ناحیەکانی دەوروبەری، شاری چۆمان بەهۆی بوونی پلەی کارگێڕی وەک سەنتەری قەزا بۆتە هەرێمێک بۆ ناوچەکانی دەوروبەری کە لەپەیوەندی دابێت لەگەڵ ناوچەکانی تری قەزای چۆمان. شاری چۆمان بەهۆی ڕێگای ووشکانیەوە بە گوندەکانی دەوروبەری بەستراوەتەوە، ئەمەش وای کردووە ئەم شارە ببێتە سەنتەرێک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانی گوندەکانی دەوروبەری، جگە لەمەش دانیشتووانی گوندەکان بۆ بەدەست هێنانی هەلی کار ڕوو لەشاری چۆمان دەکەن بەهۆی نزیکی لێیانەوە، کەواتە دەکرێت بڵێین ڕێگای گواستنەوە بەتایبەتی گواستنەوەی ووشکانی وەک فاکتەرێکی مرۆیی کاریگەری گەورەی لەسەر فراوانبوونی شاری چۆمان هەیە، چونکە دانیشتووان بەهۆی نەبوونی هۆکاری گواستنەوە تەنها لەڕووی ئابووری نا بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لەیەکتری دادەبڕێن، بۆیە دەکرێت بڵێین گواستنەوە بە سەرەکیترین هۆکاری فراوانبوونی شاری چۆمان دادەنرێت. (گواستنەوەی چۆمان، 22-5-2021)

### 4-2-5.فاکتەری ڕامیاری:

سەبارەت بە شاری چۆمان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی نزیک سنوری نێودەوڵەتی (عێراق-ئێران)، بەشێوەیەکی ڕەها فاکتەرە ڕامیاریەکان کاریگەریان لەسەر دروستبوون و پوکانەوە و فراوانبوون و دووبارە بونیادنانەوەی ئەم شارە هەبوە، سەبارەت بە دوستبوونی شاری چۆمان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی(١٩٦١) ئەم ناوچەیە ئاوەدان کراوەتەوە و بۆتە مەڵبەندێک بۆ پشتگیری کردنی شۆڕش و پێشمەرگە، هەرئەمەش وای کرد لە (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) لە ڕێککەوتنامەی سەرکردایەتی کورد سەرۆک کۆماری عێراق قەزای چۆمان دروست بکرێت و شاری چۆمان بکرێتە سەنتەری ئەم قەزایە. جگە لەمەش جەنگ هۆکاربووە بۆ لەناوبردنی شارەکە بەجۆرێک لە ساڵی(١٩٧٥) بەهۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە ڕێگە بە دەوڵەتی عێراق و ئێران درا بە قوڵایی (٢٠)کم بچنە ناوخاکی یەکتر بۆیە ڕژێمی بەعس لە ساڵی(١٩٧٨)بە شێکی زۆر لە گوندەکانی قەزای چۆمان ڕاگواست بۆ بەشەکانی تری هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگا زۆرەملێکانی هەولێر و سلێمانی.(محمەمەد، 2004، ل143) کە دیارترینیان ئۆردوگاکانی (هەریر و پیرزین و شاوێس و مەلا ئۆمەر و سۆران و چوارقورنە و حاجیاوا) بوون. سەبارەت بە ژمارەی ئەو گوندانەی کە ڕاگوێزران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٧)دا پێکهاتبوون لە(٢٢)گوند کە (٥٠٧)خێزانیان لە خۆ گرتووە، ئەم ڕاگواستنە هەمووی بەیەک قۆناغ نەبووە بەڵکو بەچەند قۆناغێک بوو ئەویش یەکەم گوند کە ڕاگوێزرا لە سنوری ناوچەکە گوندی ئێنێ بوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تاوەکو سەرەتای هەشتاکان بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق-ئێران)، قەزای چۆمان بەگشتی و بە شاری چۆمانیشەوە خاڵی کران لە دانیشتووان، شاری چۆمان هیچ سیمایەکی شارستانی و ئاوەدانی نەما. تاوەکو ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(١٩٩١) هەرێمی کوردستان پاک کرایەوە لە سەربازەکانی بەعسی. دووبارە خەڵکی شارەکە گەڕانەوە سەر زێدی باب وباپیرانی خۆیان و دەستیان بە نۆژەن کردنەوە خانوەکانیان کرد.

## ئەنجام

دوای شیکردنەوەی بابەتەکان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. شاری چۆمان بەدرێژایی ماوەی توێژینەوە بەردەوام سنورەکەی فراوانبووە، بەجۆرێك ڕووبەرەکەی لە (45.5)هکتار زیادی کردووە بۆ (375.5)هکتار.
2. کۆچی دانیشتووانی گوندەکان بۆ سەنتەری شاری چۆمان، هۆکاری سەرەکیە بۆ فراوانبوونی شارەکە. بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانەی لە شاری چۆمان بەردەستە، جگە لەبوونی هەلی کاری زیاتر بە بەراوورد بەگوندەکان.
3. تەرزەکانی فراوانبوونی شاری چۆمان لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر گۆڕاوە، بەڵام تەرزی درێژکۆڵەیی زیاتر بە سەری زاڵە، ئەویش بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی.
4. ڕۆڵی بەربەستە مرۆییەکان زیاترە لەبەردەم فراوانبوونی شاری چۆمان، بەبەراوورد بە بەربەستە سروشتیەکان. چونکە بەربەستە سروشتیەکان ڕەگەزێکی نەگۆڕن، بەڵام بەربەستە مرۆییەکان بەردەوام لە گۆڕان دان بەتایبەتی بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی. واتە بەرزی و نزمی گۆڕانی بەسەر نایەت، لە ماوەیەکی کورت، بەڵام بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی گەورەی بەسەر دادێت، بۆیە بەلایەنی باشە دەبێتە هۆی فراوانبوونی شار و بە پێچەوانەش ڕاستە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕاسپاردە

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی باسمان کرد توێژینەوەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو:

1. هەوڵبدرێت ئاراستەی فراوانبوونی شاری چۆمان بەرەو بەرزاییەکان بە ستانداردی جیهانی.
2. ڕێگری لە فراوانبوونی ئاسۆیی بگیرێت، فراوانبوونی ستونی شوێنی بگرێتەوە.
3. هەلی کار بۆ دانیشتووانی گوندەکان بڕەخسێنرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی کۆچکردنیان بۆ شارەکە.
4. زەویەکان تاپۆ بکرێن.
5. هەوڵبدرێت بەسەر بەربەست و گرفتەکانی بەردەم فراوانبوونی شاری چۆمان، زاڵ بن.

## سەرچاوەکان


1. أبوعيانه، فتحى محمد، السكان والعمران الحضرى(بحوث تطبيقية فى بعض الاقطار العربية)، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، لبنان، 1984.
2. الاشعب، خالص، المدينة العربية مؤسسة الخليج للطباعة و النشر، الكويت، ١٩٨٢، ص١٥.
3. بارزانی، مسعود, بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد،(شۆڕشی ئەیلول1961-1975)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.
4. بەرچەم، رحمان، دامەزرێنەری شاری چۆمان، 26-5-2021.
5. تاڵەبانی و عزیز، ناهیدە جەمال و تحسین عبدالرحیم, کارست و کانیاوی کارستی لە کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی کارۆخ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٥.
6. التميمى, محسن إبراهيم، مدينة جلولاء، دراسة فى جغرافية المدن، رسالة ماجستير(غير منشوره)، كلية التربية، جامعة ديالى، ديالى، ٢٠٠٥.
7. الجابرى، مظفر على، التخطيط الحضرى، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، الموصل، 198٦، ص11.
8. الحديثى، عماد طارق عمر ، التجاوزات الحاصلة على التصميم الاساسى فى مدينة تكريت، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، تكريت، 1999.
9. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەری ناحکومی چۆمان، 21-10-2020.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10. حمد, یوسف عبدالله، دانیشتووی ڕەسەنی شاری چۆمان، 24-5-2021.
11. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی چۆمان، ژووری کارگێڕی، ٢٢-١٠-٢٠٢٠.
12. رسول, سەعدی مامەند، کەسایەتی ناسراوی شاری چۆمان، چاوپێکەوتن(٢٤-١١-٢٠٢٠).
13. رسول, عبدالمجید، ئەنجومەنی شارەوانی چۆمان، 25-5-2021.
14. الرواشدة، مظفر أعبد محمود، مدينة العقبة بين منظوری الاتساع المساحی و المناطق الضاغطة دراسة أزمة، دراسات العلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد43، ملحق3، أردن، 2016.
15. ڕۆستی ، نادر ، گەشتێک بۆ گەشت و گوزار، چاپخانەی روکسانا،بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١١.
16. سەعید، کامەران تاهیر، کۆیە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨.
17. الشمری، مسلم کاظم حميد، التحليل المكانی للتوسع والامتداد الحضری للمراكز الحضرية الرئيسية فی محافظة ديالی، أطروحة دكتوراه(غير منشوره)، كلية تربية، جامعة بغداد، بغداد، 2006.
18. صالح، أياد جميل أحمد، اتجاهات التطور العمرانی فی مدينة طوباس(دراسة مورفولوجية المدينة)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، 2009.
19. طه ، خاوەن پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەری ناحکومی چۆمان ، 21ـ10ـ2020.
20. عثمان، بەهرە رضا، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای پەرەپێدان، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2013.
21. عزيز، فاروق واحد محمد، التحليل الجغرافی لمراحل التوسع الحضری لمدينة چمچمال، رسالة ماجستير(غيرمنشوره)، كلية تربية، جامعة الموصل، الموصل، 2011.
22. عطال، مسعودة، النمو الحضری و علاقته بمشكلة البيئة الحضرية (دراسة ميدانية بحی طريق حملة بمدينة باتنة)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الاسلامية، جامعة الحاج لخضر، باتنة، 2009.
23. گەلەژێری، إبراهيم، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە قایمقامیەتی قەزای چۆمان، 26-10-2021.
24. محمد و ئیسماعیل, خەلیل ئیسماعیل و ئەیوب خەلیل ، گوندنشینی لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر وەک نموونە، چ١،چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥.
25. محەممەدئەمین، هاوڕێ یاسین, لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

26. مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە(٢)، ٢٠٠٤، سلێمانی.
27. ناوەندە، فاخیر، فەرمانبەر لە کارتی نیشتمانی چۆمان، 25-10-2021.
28. ناوەندەیی، هاوار، فەرمانبەر لە فەرمانگەی کارتی نیشتمانی، 24-5-2021.
29. ناوەندی, موخلیس، سەرۆکی شارەوانی چۆمان، 25-5-2021.
30. نەقشبەندی، ئازاد، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوە، 2013.

## ملخص

ولاسيما التوسع الحضري، ويلقي البحث الضوء على مشاكل توسع مدينة جومان، مما يؤثر على الأراضي الزراعية واقتصاد الدولة.
ويهدف البحث إبراز نمط التوسع الحضري لمدينة جومان، وفي الوقت نفسه تحديد مراحل هذا التوسع في زمن الدراسة، بغية تحديد أنماط التوسع للمدينة. وتتضمن خطة البحث (1.المقدمة، 2.الموقع الجغرافي، 3.مراحل التوسع الحضري، 4.نمط التوسع الحضري، 5.أهم أسباب هذا التوسع، النتائج، والتوصية). وتوصل البحث لجملة من النتائج، منها: هجرة سكان القرى لمركز المدينة، مما شكلت الجزء الرئيس. وقد تنوع نمط التوسع من فترة لأخرى، ولكن التوسع الخطي يسيطر على الموقف بسبب الموقع الجغرافي للمدينة.

# Urban Expansion patterns of choman city

## A study in Urban Geography

**Kamaran Wali Mahmod**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
kamaran.mahmood@su.edu.krd

**Bzhar Abdulsatar Abdulqader**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
bjargeo@gmail.com

**keywords:** *Chomancity, Landuse, Urban Expansion, Pattern*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

therhere Urban Expansion is considered one of the problems. The importance of this topic goes back to show the dangers of the Expansion city of Choman which affects farm lands, and the economic state of the country. The aim of this research is to showcase the pattern of Choman's Urban Expansion as well as specifying the stages of Choman's urban expansion. The research consists of an 1. introduction, 2.geographical places, 3.stages of Choman's urban expansion, and its 4.patterns as well as 5. the important factors playing a part in the expansion of Choman, the research was come to some results and conclusion such as the migration of the citizens from the village to the city of Choman. Is the main cause of the urban expansion. The patterns of urban expansion change from stage to stage but due to its geographical location, the expansion is pattern linear.